بەرهەم ساڵح ڕایی هەرێمی کوردستان لە لێخۆشبوونی ئاوارەکان بەرز دەنرخێنێت



سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کۆمیسیاری باڵای نێتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، لە دیدارێکدا لە پڕاوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، جەختیان لە گرنگیی هەماهەنگیی نێودەوڵەتی کردەوە بۆ باشترکردنی گوزەرانی ئاوارەکان، هاوکات د. بەرهەم ساڵح ستایشی ڕایی "بۆ جیاوازیـیی هەرێمی کوردستانی لە لێخۆشبوونی ئاوارە و پەنابەراندا کرد.

ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە، 14ـی شوباتی 2026، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پڕاوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، لەگەڵ د. بەرهەم ساڵح، کۆمیسیاری باڵای نێتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) کۆبوونەوە.

لە دیدارەکەدا گفتوگۆیەکی چڕ لەبارەی دۆخی مرۆیی پەنابەران لە عێراق، هەرێمی کوردستان و ناوچەکە کرا. نێچیرڤان بارزانی تیشکی خستە سەر دۆخی هەنووکەیی پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و جەختی لە پێویستی و گرنگیی بەردەوامیی هاوکارییەکانی نێتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە، بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان و باشترکردنی ژیانیان.

لە بەرانبەردا، د. بەرهەم ساڵح ستایشی ڕۆڵی مرۆیی و مێژوویی هەرەمی کوردستانی کرد لەوەی هەمیشە و بەبێ هیچ جیاوازییەک، دەرگای بە ئاوارە و پەنابەران واڵا کردووە و داهێدی داون.

کۆمیسیاری باڵای پەنابەران پابەندبوونی ئاژانسەکەی (UNHCR)ـی دووپات کردەوە بە پشتیوانیکردنی بەردەوامی هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرەمی کوردستان، لەپێناو باشترکردنی گوزەرانی پەنابەران و دابینکردنی پێداویستییەکانیان لەم قۆناغەدا.